ڕۆشناییەك بۆ هەرژێك

ڕۆژی 11/25 ڕۆژی جیهانی دژ بە زەبرو زەنگ لەدژی ژنان، سایتی دەنگەکان لەژێر ناوی (ڕۆشناییەك بۆ هەرژێك) چەند پرسیارێکی ئاراستەی چەند نووسەرێکی ژن کرد ئەمەی خوارەوە بەشی یەکەمیەتی:

دەنگەکان- ئایا دەسەڵاتی دیموکراتی دەتوانێ کۆتایی بە کێشەی چەوسانەوەی ژنان بهێنێ؟

کەژال-دیموکراسی مانای دەسەلاتێکی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە. ئەمە مانای ئەم وشەیەیە، بەڵام لەدنیای ئەمڕۆدا دیمۆکراسی سەرخانی سیاسی دەسەلاتی سەرمایەدارییە ،لە سایەیدا ستەمی چینایەتی و نەژادی و عرقی و جنسی و نەتەوەیی و جۆرەها شێوەی چەوسانەوە بەڕێوە دەچێت.

لە سیستمی ئیستای دیموکراسیدا کە باڵاترین ئاستی ئیستای ولاتانی ڕۆژئاوایە چی دەگوزەرێ؟ . بازرگانیی سێکسی یەکێك لە بازرگانییە گەورەکانە کە تەنانەت بەشێك لە ولاتان پشتی پێدەبەستن وەك سەرچاوەیەکی دارایی . هەزاران ژن لەکۆمپانیاکانی سێکس فرۆشیدا کاردەکەن، ساڵانە سەدان کۆمپانیای تازەی لەشفرۆشێ دەکرێتەوەو سەدان ژن لە تاو بێکاری ڕوودەکەنە ئەم کۆمپانیانە بۆ سێکس فرۆشتن. ڕفاندن ، بێسەروشوێن کردن و کوشتن تا ئیستا ڕوودەدات، هیشتابەهۆی زەبرو زەنگی خێزانەوە دەیان شیلتەر لە کاردان بۆ پاریزگاری کردن لە ژنان لە سوکایەتی و لێدان و بێجێگەو شوێنیدا . بە گشتی ژنان فرسەتی کارکردنیان کەمترەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو کەمکردنەوە دەڕۆن ، دایەنگاو شیرخۆرگەکان لە ئاستی پێویستدا نین حەقی بەخێوکردنی منداڵان لە دایەنگاکان قورسترین مەسرەفە لەسەر خێزان، ئەمانە هەمووی بەڕێوەچوونی ژیان لە سەر خێزانەکان بەتایبەتی ژنان قورستر دەکات. ڕاسیزم و چەوسانەوەی نەژادیی دیاردەی زەقی دەسەلاتی دیموکراتییە ،جیاوازی کردن لە نێوان ڕەنگی پێستەکان و نەتەوەکانداو بەرتەسك کردنەوەی فرسەتی کارکردن لەبەرامبەر خەڵکی ئاسیا و بەتایبەتی ڕەشپێستدا ڕۆشنە ، تائێستاش لە کەمترین جێگادا کەسێکی ڕەشپێست دەبینرێت لە پۆستەباڵاکاندا بە بەراورد بە خەڵکی بە ڕەگەز ئەورووپی و سپی پێستدا، بۆیە بە ناچار ژنانی ڕەنگ و پێستە جیاوازەکان چەندین ڕێکخراو یان پیکهیناوە بۆ بەرگری کردن لە مافی یەکسانیان لەگەل سپی پیستەکاندا. لەدەسەلاتی دیموکراتیدا ئازادی ژنان بەلیبراڵترین پەیوەندی سێکسی بەرفراوان ڕووپۆشکراوە. ژمارەی لیسبیانەکان ڕۆژانە لە زۆربووندان و دەسەلاتی دیموکراسی ئەم وڵاتانەش لە پشتی ئەم فەزایەوە ڕاوەستاون تائاستی یاسایی کردنەوەی زەواجی سێکسی وەك یەك same sex (marriage)دامەزراندنی سەندیکار ڕێکخراوی جۆراوجۆری(لیسبیان و گەیەکان). بەکارهێنانی بەرفراوانی مەوادی بێهۆشکەرو بڵاو بوونەوەی لەنێو لاواندا دیاردەیەکی باوی ئەم کۆمەڵگایانەیە ، کچانی تەمەن منداڵ کاتێك ئاڵودە دەبن بە مەوادی بێهۆشکەر ئیتر بە ئاسانی دەکەونە بازارەکانی لەشفرۆشیەوە.

لەم سیستەمەدا لەژێر ناوی ئازادی "مەلتیکەلچەرلیزم"دا فرە کلتوری بەڕێوە دەچێت کە ڕێگەی داوە بە خیزانەکان دین و عقیدەو کولتوورە کۆنەکانیان بسەپێنن بەسەر منداڵاندا لەلایەکی تریش سیستمی (مەلتیکەلچەرلیزم) بوە بە پاڵپشتیکی بەهێزی ڕەوتە دینیەکان بۆگەشەکردنیان بە تایبەتی ئیسلامیەکان سوودیان لەم سیستمە وەرگرتوە، بەم شێوەیە بەشێکی بەرین لەژنانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی لە جەرگەی تەمەدونی ئەورووپاو ڕۆژئاوادا حیجاب دەپۆشن.

لە چەند دێڕێکدا دەتوانم بڵێم لە دەسەڵاتی دیموکراسی دا چەوسانەوەی ژنان بەردەوامە بەڵام بەشێوازی تازەوە. بۆیە دەسەڵاتی دیموکراسی کۆتایی بە چەوسانەوەی جنسی و کێشەکانی ژنان ناهێنیت.

دەنگەکان- پێ نەڵتەرناتیڤێکی واقیعی هەیە بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی ژنان؟

کەژال-ڕەنگە هەندێك بڵێن ئەوەنییە لە ڕۆژئاوادا ژنان ئازادن؟! ، مافی کارکردنیان هەیەو دارایی و خەرجیی خۆیان هەیەو لە یاسادا مافی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا هەیە، لەدەنگدان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بەشدارن ، لە یانەو جێگا گشتییەکاندا شەوان تادرەنگ دەمێننەوە ، لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا لەوپەڕی ئازادیدا ڕەفتاردەکەن . لە ڕاستیدا ئەوەی لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم کردن ڕوویەکی واقعی وەزعییەتی ژنانە لە دەسەلاتی دیموکراسیدا و ئەوەش کە دەڵێن ژنان لەو دەسەلاتانەدا ئازادن واقعیەو ڕوویەکی ترە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە تەواوی ئەو ئازادیەی هەرئیستا ژنان لێی بەهرەمەندن دەستکەوتی خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ژنانەو بە دیاریکراویش ئەو دەستکەوتانە بەدوای شۆرشی سۆسیالیستی ڕوسیەدا هاتونەتە ئاراوەو تا ئێستا سەرمایەداری نەی توانیوە پاشەکشەی پێ بکات و زەوتیان کات . ئەو دەستکەوت و مافانە چەسپاون و بزووتنەوەی ژنانیش سەرباری هەندێك پاشەکشە، بەڵام بەردەوام لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە بۆ پاراستنی ئەو ئازادی و مافانەی کە بەدەستی هێناوە، کەچی ئیستاش سەرمایەداری بەناچار فەخرو شانازی پێوە دەکات و دەیگێڕیتەوە بۆ شانی دەسەلاتە دیموکراتیەکەی خۆی. ئەو نەیتوانیوە شیرخۆرگە لە ژنان بسەنێتەوە، بەڵام مەسرەفی ڕۆژانەی شیرخۆرگە ڕۆژ لە ڕۆژ بەرز دەبێتەوە، نەی توانیوە ژنان قانع کات بەگەڕانەوە بۆ چێشتخانەی ماڵەکانیان،بەڵام لەتاو بێکاری ناچاری لەشفرۆشیان دەکات و وەکالاتی لەشفرۆشی دەکاتەوە بۆیان، ناتوانیت یاسای مەدەنی و یەکسان لەپەیوەند بە خیزانەوە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام لیبرالیزم بەردەوام شیرازەی کۆمەڵگا بەرەو تێکچوون دەبات و لەوێدا ژنان باجی قورسی کیشەکان دەدەن.

وەك باسم کردو مێژوو شاهیدە شۆرشە سۆسیالیستیەکان تا ئیستا گەورەترین کاریگەرییان هەبوە لەسەر بزووتنەوەی ژنان و دەستکەوتەکان و لەوەش ڕۆشنتر ئەگەر سەیر کەین لە مێژوودا تەواوی ڕابەرانی واقعی بزووتنەوەی ژنان ژنانی سۆسیالیست بوون هەروەها ڕابەرانی پارتە سۆسیالیستیەکان و بزووتنەوەی کرێکاریش بوون، لە نموونەی ڕۆزا لکسمبرگ و کلارا زتکین، کریسکایاو ئەوانی تر. بۆیە بەبڕوای من تاکە ئەلترناتیفی واقعی بۆ گەیشتن بە رزگاری ژنان کۆمۆنیزمەو مارکسیزم تاکە مەکتەبی فکریە کە کێشە چینایەتیەکان و مەسەلەی ژنان و خیزان و مولکداریتی تایبەتی و تەواوی کێشەکانی تری کۆمەلگای تاوتوێ کردوەو ڕۆشنایی خستوەتە سەر، ئەمە تەنها قوتابخانەیە سوودی لێوەرگرین و بەدەستیەوە بگرین بۆ بردنە پێشەوەی بزووتنەوەکەمان ، هەرچەندە بەدوای شکستی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا سەرمایەداری کەوتە شایی گێرانی مەرگی کۆمۆنیزم و مارکسیزم و تەبلیغاتی ئەو لەبارەی بەسەر چوونی فکری مارکسیزم و سوسیالیزم دنیای تەنیەوە کە تا ئێستاش بەشیك لە ڕۆشنبیران لەژێرکاریگەری ئەو تەبلیغاتانەی سەرمایەداریدا، ئەوانیش ئەڵێن مارکسیزم بەسەرچوەو باوی نەماوە، بەڵام ئەوەتا هیچ کام لەمەکتەبە فکریەکانی تر نەیان توانیوە جێگەی بگرنەوە و ئەلتەرناتیڤیکی ترین.

دەنگەکان- کێشەی چەوسانەوەی ژنان ناوچەییە یان جیهانی، یان کەلتور و ئاین لە ئاستیدا بەرپرسیارە،یا هەموویان؟

کەژال-کێشەی ژنان بەندە بەکێشەی چینی کرێکارەوە ، مەسەلەی کرێکارانیش مەسەلەیەکی چینایەتیەو لە هەرجێگایەك کرێکارو کاری کرێگرتەو مولکداریتی تایبەتی هەبێ، کێشەو چەوسانەوەو نایەکسانی و سەرکوتی ژنانیش هەیە. بەڵام شێوازی چەوسانەوەو کێشەکان بەپێی ئاستی گەشەکردنی سەرمایەو سیستم و جۆری دەسەلاتەکەی هەروەها بەپێی بەهیزی وڵاوازی بزووتنەوەی ژنان و بەپێی کاریگەری دین و کەلتورەکان، لێرەو لەوێ جیاوازن و شیوازی تایبەتی و ناوچەییان لە خۆ گرتوە. بۆیە کێشەی ژنان کێشەیەکی جیهانیە. فاکتەری سەرەکی چەوسانەوەی ژنان نیزامی سەرمایەداریەو هەرچی دین و کەلتورەکانیشە ئامرازێکی بەهێزی توندکردنەوەی ستەم و چەوسانەوەیە لەسەر چینی کرێکار و ژنانیش وەك بەشێك لەو چینە.

دەنگەکان- ئایا دەسەڵاتی دیموکراتی دەتوانێ کۆتایی بە کێشەی چەوسانەوەی ژنان بهێنێ؟

فینۆس فایق: بەباوەڕی من پرۆسەی دیموکراتی بەشێك لە کێشەی چەوسانەوەی ژنان چارەسەر دەکات ، نەك کۆتایی پێبهێنێت ، چونکە زۆر کێشەی ژن تەنها لەگەڵ پیاوێکدا نییە لە ژیانی ژندا لە نزیکەوە بیچەوسێنێتەوە وەك مێرد یان باوك یان برا بۆ نمونە ، بەڵکە کێشەکە لەگەڵ سەرتاپای کۆمەڵگادا هەیە ، لەگەڵ دامو دەزگاکانی کۆمەڵگا و سیستمە کۆمەڵایەتیەکەدایە ، جگە لە سیستمە ئاینیەکە کە باوەشی کردوە بە عەقڵیەتە کۆمەڵایەتیەکەدا ، لەدەرەوەی ئەمانەش شتێك هەیە پێی دەوترێت یاسا ، کە تەنها هەبوونی دیموکراسیەت ڕێگە خۆش دەکات یاسا ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤدا ، کە دیموکراسیەت هەبوو ، یاسا ڕۆڵ دەبینێت و تەنانەت دەستکاریشی دەکرێت بەپێی ڕۆحی سەردەم و پێشکەوتنەکانی سەردەم ، هەروەك بەم دواییە چەندین لە یاساکانی ئەحوالی مەدەنی دەستکاری کران بە سوودی ژن ، ئەمە لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیدا ئەم جۆرە هەنگاوانە دنرێت ، دەنا لە کاتی دەسەلاتی ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی سەددامدا بۆ نەدەتوانرا دەستکاری هیچ بەندێکی هیچ یاسایەك بکرێت؟.

دیموکراسیەت لایەکی هاوکێشەکەیە ، لاکەی تری هاوکێشەکە بریتیە لە عەقڵیەتەکان کە ئەو دیموکراسیەتە پراکتیزە دەکەن ، یان ئایا باوەڕیان بەو دیموکراسیەتە هەیە ؟، یان ئایا ئامادەگیان هەیە دیموکراتی بن؟ ، زۆر کەس هەن ئەتوانن دروشمەکانی دیموکراتیەت بڵێنەوە ، بەڵام توانای ئەوەیان نییە پراکتیزەی بکەن ، من باوەڕ دەکەم لەهەموو جێگایاکی دونیادا دیموکراتی هەیە ، بەڵام لای هەموو کەسەکان بەیەك ئاست ویست و ئارەزوو نییە بۆ پراکتیزە کردنی ئەو دیموکراتیەتە ، لای زۆر کەسیش بوێری نییە ، لا زۆر کەس قەناعەت نییە بە گرنگی پراکتیزە کردنی ، ئەمە وەکو هەبوونی پارە و کۆکردنەوەی و خەرج نەکردنی بە شتی سوودمەند وایە ، هەر ئەوە بەس نییە ئێمە دروشمەکان بنووسینەوە و کەڵەکەیان بکەین و لە توێی کتێبەکاندا لەکتێبخانەکاندا هەڵیانگرین ، پێویستە بەکاریان بێنین ، ئیدی پڕوسەی دیموکراتی پڕۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیە ، کە نەك تەنها پیاو بەڵکە ژن خۆشی دەبێت باوەڕی تەواوی پێی هەبێت و توانا و بوێری هەبێت تەواوی وردەکاریەکانی پراکتیزە بکات ، دیموکراسیەت کێشەی سەرتاپای دەسەلاتە ، ئەگەر دەسەلات دیموکراتی نەبێت تاکەکانیش لەناو خۆیاندا دیموکراتی نابن وباوەڕیان بە دیموکراتی نابێت بۆ گۆڕینی ژیانیان.

دەنگەکان- پێ نەڵتەرناتیڤێکی واقیعی هەیە بۆ گەیشتن بە رزگاری ژنان؟

فینۆس: لەو بارەیەوە دەتوانم بڵێم ، هەمیشەش وتوومە ، ژن دەبێت یەکەم هەنگاو بنێت بەرەو مافەکانی ، دەنا نەك پیاو ، کۆمەڵگاش ئامادەگی ئەوەیان تیا نییە ، هەرگیزاو هەرگیز ماف نادەنە دەست ژن ، کۆمەڵگای ئێمە بەداخەوە هەتا ئیستا مۆرکی پیاوسالاری تیا زاڵە ، ئیدی کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری مەحکووم بە سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی سەقەت هەرگیز ئەوەی لێ چاوەڕوان ناکرێ وابە ئاسانی و لە خۆڕا ماف بداتە دەست ژن . چارەسەری واقیعی ئەوەیە ژن خۆی مقەست بگرێتە دەست و برینەکە هەڵداتەوە ، خۆی شۆڕشەکە هەڵگیرسێنێت ، شۆڕش کردن ئەوە نییە پچێتە سەرجادە و هاوار بکات ، بەڵکە هەموو ژنێك لە ماڵەکەی خۆیەوە دەبێت دەست پێبکات ، بەتایبەت بە نیسبەت ژنی کوردەوە کە لەبەردەم هەڵێکی گەورەدایە لە پیادە کردنی دیموکراسیەت لەناو کوردستاندا ، دەبێت بە هیچ مساوەمەیەکی تر قایل نەبێت ، دەبێت بە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر بۆ ماف قایل نەبێت ، مەسەلەی ژن وەکو مەسەلەی کورد وایە ، هەر بە درێژایی مێژوو دانوستان بەردەوامە ، بەڵام ئەو کاتەی کورد خۆی شۆڕشی کرد و خۆی ڕژێمی بەعسی دەرکرد و خۆشی بە ئەلتەرناتیڤی حکومەتی کوردی سەربەخۆ قایل بوو ، بەڵام ژن دەبێت لەوە واقیعیانەتر بیر بکاتەوە و بەشی خۆی لە بڕیارەکان بگرێتە دەست و خۆی سەرکردایەتی کودەتاکە بکات و نەیداتە دەست تەنانەت ئەو پیاوانەشی باوەڕیان بە مافەکانی ژن هەیە ، چونکە هەروەك چۆن ئەو مافەی کورد خۆی نەیسەنێت دوژمنانی پێی ڕەوانابینن یان ئەگەر پشتگوێی نەخات پێشێل ناکرێت ، ژنیش بەهەمان شێوە ئەو مافەی خۆی نەیسەنێت پیاو چەند باوەڕیشی بە ڕەوایی مەسەلەکەی بێت نایداتێ ، ئەوەتا زۆربەی زۆری عەرەب دەڵێن کورد مافی چارەی خۆتووسینی هەیە ، بەڵام کە باس یەتە سەر کردار ، هەموو دەڵێن فیدرالی نالێن حکومەتی کوردی ، ئیدی ژن لە سایەی سیستمێکی سیاسی وا نالەباردا کۆشش و خەبات دەکات بۆ سەندنی مافەکانی لە دەسەلاتێکی سیاسی کە تا ئیستا مافە سیاسی و جوگرافیەکانی میللەتەکەی ون کردووە ، کەواتە ئەرکی ژنی کورد لە هەموو ژنی دونیا گەورەترە لەو بوارەدا و هەروا ئاسان نیە کە بیری لێدەکرێتەوە ، بۆیە چارەسەری واقیعی بۆ قوتاغی ئیستا خەبات و شەڕی دیموکراسیە ، ئەو دەبێت بە عەقلیەتێکی دیموکراسیخوازەوە شەڕەکە هەڵگیرسێنێت بۆ ئەوەی مافەکان بە دیموکراسی دەستەبەر بکات..

دەنگەکان- کێشەی چەوسانەوەی ژنان ناوچەییە یان جیهانی، یان کەلتور و ئاین لە ئاستیدا بەرپرسیارە،یا هەموویان؟

فینۆس: کێشەی چەوسانەوەی ژنان بە گشتی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی جیهانییە ، پەیوەندی نییە بە کولتوور و ڕەگەز و ڕەنگ و...هتد ، پەیوەندی نییە بە پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگاکانەوە ، ئەگەرچی پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگاکان ڕۆڵ دەبینن لە ئاسان کردنی بیر کردنەوە لە چارەسەرەکان ، بەڵام چارەسەرەکان ئاسان ناکەن..

بۆ ل11

فینۆس

کەژال

کەژال:

بە گشتی ژنان فرسەتی کارکردنیان کەمترەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو کەمکردنەوە دەڕۆن

ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی لە دووچالاکیدا

شانۆگەری یەکسانی کچو کوڕ لە نمایشدایە

لەچوارچێوەی چالاکییە هونەریەکانیدا لە ڕۆژی 2004/10/16 وە دەستی کردوە بە نمایشکردنی شانۆگەری (یەکسانی کچو کوڕ)لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناو شاری سلێمانیدا، ئەم شانۆگەرییە باس لەو جیاکارییانە دەکات کە ڕۆژانە ڕوبەڕووی کچانو کوڕان دەبنەوە لەنێو خێزانو قوتابخانەو شوێنە گشتییەکاندا. جێگەی باسە ئەم شانۆگەرییە تا ئێستا لە (72) قوتابخانەی سەرەتایی پێشکەشکراوە کە لە نوسینو دەرهێنانی هونەرمەندان (بورهان قەرەداغیو جەبار محەمەد)ەو نمایشکارانیش پێکهاتوون لە (دیدەن عوسمان، شیلان عەبدوڵڵا، ڕابەر عەبدولرەحمان، سەروەر محەمەد ئەمین، زەیتون کەریم)، وا بڕیارە لە (105) قوتابخانەی سەرتایدا پێشکەش بکرێت.

خولێکی تایبەت بە هەڵبژاردن

ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی لەچوارچێوەی چالاکییە ڕۆشنبیریو مەدەنییەکانیداو بە هاوکاری ڕێکخراوی (NDI)، خولێکی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنو چۆنیەتی چاودێریکردنی پرۆسەکەی لەشاری هەڵبجەی شەهید کردۆتەوە، ئەم خولە لەسەر شێوازی (workshop) ساز دەکرێتو (25) لاوی شارەکە لەهەریەك لە ڕێکخراوە خوێندکارییەو جەماوەرییەکان بەشداری لەخولەکەدا دەکەن. ئەو بابەتانەی لەم خولەدا پێشکەش دەکرێت بریتین لە :

1-ڕەهەندی دیموکراسیی هەڵبژاردن.
2-سیستەمەکانی هەڵبژاردن.
3-هەڵبژاردنو مافەکانی مرۆڤ.
4-سەرژمێریەو دیاریکردنی ناوەندەکانی دەنگدان.
5-ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا.
6-بەڕێوەبردنی پڕۆسەی هەڵبژاردنو کردەی دەنگدان.
7-چاودێریکردنو چۆنیەتی نوسینی ڕاپۆرتی کۆتایی چاودێران.
8-بەرزکردنەوەی سکاڵاو چۆنیەتی چارەسەرکردتنی کێشەکان.

بابەتەکانیش لەلایەن کەسانی شارەزاو مامۆستای زانکۆوە پێشکەش دەکرێت. لەم کاتەداو ڕێکخستنی چالاکییە مەدەنیو ڕۆشنبیرییەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن لە دوولایەنی سەرەکییەوە کاریگەری لەسەر پرۆسەکە دەبێت، لەلایەك چالاکییەکان تایبەتن بە هۆشیاری هەڵبژاردنو ئاستی هۆشیاری ڕێکخراوە جەماوەرییو خوێندکارییەکان سەبارەت بە هەڵبژاردن بەرزدەکاتەوەو لەلایەکی ترەوە هانی ئەم ڕێکخراوانە دەدات کە بەشداری لە پرۆسەی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکاندا بکەن.